# پێنووسێکی ئەفسووناوی









ئامێرە تەکنۆلۆژییە دیجیتاڵییەکان لە پەرەسەندندان، هەر رۆژە ئامێرێك بە جیهانی تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵییەوە زیاد دەبێ، پێنووسی Echo live scribe نوێترین پێنووسی دیجیتاڵییە.

پێشـــووتریش ئاماژەمان بە پێنووسێك کرد کە بۆ رۆژنامەوانان گونجاوە، پێنووسی Echo live scribe مۆدێلی پێشکەوتووی ئەو پێنووسەیە.

ئەو پێنووسە هۆشـــمەندە، لە مۆدێلی پێشووتری خۆی بچووکترە، لەگەڵ زۆربەی پرۆگرامەکان دەگونجێـــت، هەروەها توانای ئەوەی هەیە ئەو بابەتەی دەنووسی بە دەنگیش تۆماری بکات، لە یەك کاتدا دەتوانی دوو فایل لە نووسینەکەت هەم دەنگ و هەم دەق لەســـەر ئەو پێنووسە تۆمار بکرێت.

پێنووســـەکە ئـــەوەی پێی دەنووســـی دەکاتە فایلێك و پاشـــان لەســـەر کۆمپیوتەر دەتوانـــی فۆنتەکـــەی بگۆڕی و تەنانەت پێنووسەکە دەتوانێت هەڵە رێنووســـییەکانیش باش بکاتەوە. دەتوانـــێ تاکـــو 400 کاتژمێر دەنگ لەخۆیدا خەزن بکات.



# لاپتۆپێک بە تیشکی خۆر ئیش دەکات

زانایانی بواری تەکنۆلۆژیا لەو بڕوایە دان، ئەو کاتە مرۆڤ دەگاتە لوتکە کە بۆ بەدەستهێنانی وزە لە تیشکی خۆر، یان ماددەیەك کە ژینگە پاك رابگرێت، سوود وەربگرێ. هەوڵەکان بۆ گەیشتن بەم مەبەستە لە ئارادان، لەم دواییانەدا کۆمپانیای AUO نوێترین لاپتۆپی بەرهەم هێناوەکە کە وزەکەی خۆی تەنیا لە تیشکی خۆر وەردەگرێ، کیبۆردی ئەو لاپتۆپەش لەمسییە. لاپتۆپەکە تەنیا 2 ملم لە لاپتۆپی ئاسـایی ئەسـتورترە، ئەویـش بـۆ ئـەو ئامێـرە دەگەڕێتەوە کە تیشـکی خۆر دەکاتە وزە. بەڵام گرفتی سـەرەکی لاپتۆپەکە ئەوەیە کە تەنیا لەو رۆژانەدا کە هەتاو هەیـە، دەتوانی سـوودی لێوەربگری، لە رۆژانی دیکەدا پێویستی بە شەحنکردنەوە هەیە.



# ماوسێک بۆ هەموو



ماوس واتە شاکلیلـی چوونە ناو کۆمپیوتەر، بەبێ ماوس بەکارهێنەر ناتوانی بەو جۆرەی پێویستە سوود لەکۆمپیوتەر وەربگرێ، چونکە زۆربەی فەرمانەکان بە ماوس جێبەجێ دەبن، ماوس لە رووی دیزاین و تواناییەوە گەلێك جۆریان هەیە، تەنیا گرفتێکی ماوس ئەوەیە کە ناکرێ بەبێ پاد واتە دانانی شتێکی زەبر یان لووس لە بن ماوسەکە سـوودی لێ ببینی، واتە ناتوانی ماوس لەسەر مافور یان تەختە دابنێی و سوود

# چۆن پاسوۆردێکی گونجاو هەڵبژێرین..؟؟



پاسوۆرد واته وشـەی نهێنی بۆ چوونە ناو سایتەکەت، یان ئیمێلەکەت یـان حیسـابی بانکیت و ...تاد، پاسـوۆرد گرنگترین رازی شەخسـی تاکەکانە. گەر پاسوۆردەکەت ئاشکرا بێ و خەڵك بە نهێنییەکانت بزانێ زیانێکی گەورەی ماددی و مەعنەویت تووش دەبێ. گەر پاسوۆردێکی ئاسـان هەڵبژێری، زۆر بە ئاسـانیش ئاشکرا دەبێ. بۆ ئەوەی کە پاسـوۆردەکەت ئاشـکرا نەبێت، ئەو چەند خاڵە لەبەرچاو بگرن.

1- بۆ نووسـینی پاسوۆردێك، پێویستە لە دوو جۆر پیتی بچووك و گەورە سوود وەربگری، بۆ نموونە: kUrDstAN.

2- دەتوانی پیتەکانی سـەرەتای رستەیەك بکەی بە پاسوۆرد بۆ نموونە: «هەولێر شارێکی خۆش و دڵگیـرە» ئاوا بیکەی بە پاسـوۆرد «Hshxhd».

3- ژمارەیـەك یان رێکەوتێك بۆخۆت بکەی بە پاسـوۆرد، بـەڵام بە داگرتنـی دوگمەی Shift پێنووسی، بـۆ نموونـە: 10/11/2010 گـەر بـە داگرتنی دوگمەی Shift پێنووسی ئاوای لێدێ «!)!)@L!!L)!)»

4- وشـەیەك وەك پاسـوۆرد دابنـێ، بـەڵام بـە پێچەوانە پێنووسـە، بـۆ نموونە وشـەی «Karwan1» بنووسـە: «Rakna1w»

5- لـە نووسـینی پاسـوۆرددا لە ژمارە و کاراکتـەر و پیـت سـوود وەربگـرە بـۆ نموونـە: «mamosta» بنووسـە «M9m0$ta» ئەوانـە چەند رێنوێنێك بوون سەبارەت بە پاسوۆردێك کە ئاشکرابوونی گەلێك دژوارە.

## شوێنێک دەگونجێت



لەکۆمپیوتـەر وەربگری، بەڵام لەم دواییەدا کۆمپانیای مایکرۆسۆفت نوێترین ماوسـی خۆی بەرهـەم هێناوە کە دەکـرێ لەسـەر هەموو شـوێنێك دایبنێی، ماوسـی جـۆری Mobile Mouse 4000 کە ماوسێکی لەیزەرییە وایەر لەیسە دەکرێ مەودای 15 مەتر لە کۆمپیوتەر دوور بێ، سیستەمی blue trackی هەیە بەو سیسـتەمە دەکرێ ماوسـەکە لەسەر هەموو شتێك دابنێی.

## کامێرایەک کوالیتی 200 میگاپێکسڵە



کۆمپانیایەکـی ئەڵمانیا کە بەرهەمهێنەری ئامێری دیجیتالییە، نوێترین کامێرای خۆی لە سـەرەتای سـاڵی 2011ەوە دەخاتە بازاڕ کە توانـای وێنەگرتنی بە کوالیتی 200 میگاپێکسـلی هەیە. هەرچەندە پێشووتریش کۆمپانیای ناوبراو کامێرای 60 میگاپێکسـلی بەرهەم هێنابـوو. ئەم کۆمپانیایە بۆ ئەوانـەی کە کامێرای ئاسـاییان هەیە، لێنزی 200 میگاپیکسـڵی بە رهە مهێنـا و ە. کامێرایەکـە بۆ رۆژنامەنووسان نا گو نجێـت ، چو نکـە خێرا ییە کـە ی زۆر لە خوارێیە، بۆ گرتنی وێنەیەك 30 چرکە دەخایەنێت. کامێراکە زیاتر بۆ کاری توێژینەوەی زانستی سوودمەندە.




www.gulan-media.com/it
بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514008 Email: it @gulan-media.com

# فەرمانە شاراوەکان لە Send toی ویندۆز7


فەرمانی Send to ئەو فەرمانەیە کە کلیکی راست کردن لەسەر فایلێك بەمەبەستی راگواستن بۆسەر فلاش میمۆری یان بۆ فۆڵدەرێك سوودی لێوەردەگیرێ، لە ویندۆزەکانی رابردووشـــدا ئـــەو فەرمانە بوونی هەبـــووە، بەڵام جیاوازی فەرمانـــی Send to لە سیســـتەمی ویندۆز7دا ئەوەیە کە هەرکاتێك لەگەڵ داگرتنی کلیکی راســـت دوگمەی Shiftیش دابگری، فەرمانەکە زۆر بەرفرەتر بێ، لەودا دەتوانی راســـتەوخۆ فایلەکە بۆ سەر فۆڵدەری مەبەستت بگوازیەوە.



# خاڵی گەڕانەوەی کۆمپیوتەر لە

فەرمانی System restore ئامرازێکە کە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت لە ویندۆز Me لە ساڵی 2000دا داینا، ئەو فەرمانە ئەرکی ئەوەیە کە ئەوکاتەی بەهەر هۆیەك بێت ویندۆز تێك بچێت، بیگەڕێنێتەوە ئەو کاتەی کە ویندۆزەکـــە






# پرۆگرامێک بۆ مۆبایلی جۆری نۆکیا

پرۆگرامـــی Nokia Battery Monitor، ناوی ئـــەو پرۆگرامەیە کە لەلایەن کۆمپانیای نۆکیاوە بەرهەم هاتووە، کارکـــردی پرۆگرامەکە ئەوەیە کە ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەری مۆبایلی نۆکیا دەرەخســـێنێ کـــە بزانێت پاتری مۆبایلەکـــە چەندی ماوە کۆتایی بێ، بۆ ئـــەوەی کە بەر لـــەوەی پاترییەکە تەواو بێت شـــەحن بکرێتەوە. کاتێك ئەم پرۆگرامـــەت دابەزاندە ســـەر مۆبایل، کۆمەڵە ئایکۆنێك لەســـەر شاشـــەی مۆبایلەکە دەردەکەون. لە بەشی E-timates ئـــەوە دەردەخات کە چەند رۆژ، و کاتژمێـــر و خولـــەك ماوە کە پاتری مۆبایلەکە کۆتایی بێ، هەروەها لە بەشـــی Statistics ئەوە نیشان دەدات کە رۆژانە چەند لە مۆبایلەکەت خۆت ســـوود وەردەگری و چەندە وزەی پاتـــری بۆ کورتـــە پەیـــام و هەروەها بـــۆ گوێدان بە گۆرانـــی و گەڕان لە ئینتەرنێتدا بەکاردێنی. هەروەها گەلێك توانای دیکـــەش لـــە پرۆگرامەکەدا هەن کـــە بەکارهێنەر خـــۆی لەکاتی تاقیکردنەوەدا بۆی دەردەکەون.




# Tablet هەنگاوێکی دیکە لە جیهانی تەکنەلۆژیادا

کۆمپیوتـەر، ئـەو ئامێرەیـە دەکـرێ بڵێین جیهانـی بـەرەو گۆڕانکارییەکی مەزن برد، لە کۆمپیوتەری سـەر مێزەوە بەرەو کۆمپیوتـەری لاپتۆپ و نوتی بووك و لـەم دوایانەشـدا، کۆمپیوتـەری جـۆری Tablet هاتە ناوی جیهانی تەکنۆلۆژیاوە.

ڕەنگە لە داهاتوودا تەبلێت شـوێنی لاپتۆپ بگرێتەوە، چونکە هەم قەوارەکەی بچووکـە و هـەم دیزاینەکـەی سەرنجڕاکێشـتر و تواناکانـی زیاترن. کۆمپانیای Acer نوێترین تەبلێتەکانی خۆی خستە بـازاڕەوە، تەبلێتی جۆری Iconia یەکێکە لە تەبلێتە سەرنجڕاکێشـەکان، ئەم تەبلێتە لە گەڵ سیسـتەمی ویندۆزی 7 دەگونجێت، رامەکەی 4 گیگابایتە، خاوەنی دوو شاشـەیە، هەرکام لەو شاشـانە 14 ئینجن. خاوەنی سیسـتەمی بلۆتوس و هەروەها سیستەمی وای فایە.

## زانیارییەکی گرنگ بۆ ئەوانەی بیرکاری بە پرۆگرامی Word دەنووسن

یەکێـك لەو گرفتانەی بۆ ئەوانەی کاری نووسـینی بیرکاری ئاڵـۆز وەك رادیکال، بیرکارییە سـەختەکان بە Word دەنووسن ئەوەیە کە بەهیچ جۆرێك ناتوانن ئەوانەی مەبەستیانە بینووسن، چونکە لە Word دا ئەو فەرمانە نابیننەوە کە ئەو ئەرکە ئەنجام دەدات، بەڵام لە Word دا ئەو فەرمانە هەیە، بەڵام ئەکتیڤ نییە، بۆ ئەکتیڤکردنی فەرمانەکە فایلێکی Word بکەنەوە. بچنە سەر بەشی View و پاشان Toolbars و پاشان Customize بکەنەوە. لەو پەنجەرەی کە کراوەتەوە فەرمانی Commands لێبدەن و فەرمانی Insert لێبدەن و پاشان Equation Editor هەڵبژێرن و کلیکی لەسـەر بکەن و رایکێشـن بۆ ناو شریتی سەر Wordـەکە. بەڵام رەنگـە لەکاتی دانانی ئەو فەرمانـە داوای CD پرۆگرامی ئۆفیس بکات بە دانانی CDیەکە ئەو گرفتە چارەسەر دەبێت.



## ویندۆز 7دا

بـاش بـووە. ئـەو فەرمانـە لە راسـتیدا رێکخسـتنی دروسـتی ویندۆز لـە زەینی خۆیدا تۆمـار دەکات و لەکاتی پێویسـتدا سـوودی لێوەردەگرێ. لەویندۆز7یش دا ئەو فەرمانە هـەروەك خۆی ماوە، بەڵام هەندێك گۆڕانـکاری تێدا کراوە. بەکارهێنەر دەتوانێ هـەر لەسـەرەتای دابەزاندنـی ویندۆز7دا System Restore بکاتـەوە و لەودا لەبەشـی Restore point واتە خاڵی گەڕاندنەوە، دروست بکات. بۆ ئەم مەبەستە: لەسەر دیسـکتۆپ یا لە شریتی Startدا کلیکی راست لەسـەر computer بکە، لە بەشـی Properties دا System Restore هەڵبژێرە، دواتر لەسەر دوگمەی Create کلیك بکە. لـەو پەنجەرەی کە کراوەتـەوە ناوێك بۆ خاڵـی گەڕاندنەوەکەت دابنێ. ئێسـتا هەر کاتێك کۆمپیوتەرەکەت بەهەر هۆیەك تێکچوو بۆ ئەو بەشە بگەڕێوە، کۆمپیوتەرەکـەت وەك یەکـەم ڕۆژی باش بوونی لێدێتەوە.